حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزانی جێژنی ڕەمەزان ئامادەکاریی ئەمنیی توندی ڕاگەیاند



حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزانی جێژنی ڕەمەزان "ئامادەکاریی ئەمنیی توندوی" ڕاگەیاند و هێزەکان لە تەواوی هەرێمی کوردستان خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و لەو سەرجەم بنکەکانی ناو شار و دەرەوی شار لە ئێشکگری تەواودا دەبن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ شەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "بەبۆنەی هاتنی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆز و پشوەکانی ئەم جێژنە لە ڕێکەوتی 29ی 3ی 2025 تا 5ی 4ی 2025 سەرجەم هێزەکانی بەرگریی شارستانیی لە تەواوی هەرێمی کوردستان خرانە حاڵەتی ئامادەباشی بە مەبەستی پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی پلانی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆز".

ئاماژەی بەوەشکردوە، بڕیاردراوە سەرجەم بنکەکانی ناو شار و دەرەوی شار لە ئێشکگری تەواودا دەبن، تیمی گەڕەک بەردەوام دەبن لە شوێنە گشتییەکانی ناو شار و بازاڕەکان.
هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی پارێزگاکان و دەستەی گشتوگوزار، ناوچە گشتیارییەکان تیمی گەڕەکی لە جێگیردەکرێت بۆ پاراستنی

گشتیاران.